www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-11-2006 10:59

# نامەیکی کراوە بۆ کوردستان تی ڤی (Kurdistan TV) ... ئازاد

سڵاو ریز،

بەریزان سەرنجێکم سەبارەت بەهەواڵەکانتان هەیە. زۆرجار لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکانتان لەسەر دادگایکردنی سەدام و دارودەستەکەی لەسەر ئەنفال، شکاتکارەکان زۆر بەکەمی نیشان دەدرێن... زیاتر تاوانباران نیشان دەدەن.

راستە ئێوە راستەوخۆش نیشانی دەدەن، بەڵام خۆشترە کە لەکاتی هەواڵەکانتاندا شکاتکارەکانیش نیشان بدرێن. یەکەم: ئەوان مێژو تۆمار دەکەن، دووەم: ئەوان بەونیشاندانە زیاتر هاندەدرێن و دوای ئەوە مافیکی خۆیانە. هەروەها پەخشی راستەوخۆ بەرۆژەو خەڵکێکی زۆر نایبینی، بەڵام دوایی لە ریگای هەواڵەکانەوە دەیبینن.

من یەک نمونەتان بۆ دەهێنمەوە:

لە هەواڵەکانی دووشەممە رێکەوتی 2006-12-27دا کاتژمێر شەش و نیو بەکاتی کوردستان، کەباسی دادگایەکەتان کرد بەهیچ شێوەیەک شکاتکارەکانتان نیشان نەدا... بەمەرجێ چیرۆکی (تەیمور) ئەو کورە گەنجەی کە لەگۆرەبەکۆمەڵەکانی ئەنفالدا رزگاری ببوو، کەچیرۆکێکی زۆر بەناوبانگە. هەروەها زۆر تراژیدیایە کە شایەنی ئەوەیە چەندین کتێبی لەسەر بنوسرێ و بکرێ بەفیلم. کەچی بەرێوەبەری هەواڵی کوردستان تی ڤی، هەستی بەو گرنگیە نەکردوەو وەکو هەواڵێکی ئاسای باسیکردو هەر ئەو گەنجەی نیشان نەدا. زیاتر عەلی حەسەن مەجید و سەدام و دادوەر نیشان دەدران. شایەنی باسە ئەمە یەکمجار نییە کە کوردستان تی ڤی گرنگی بەشایەدەکانی ئەنفال نادات.

هۆڵەندا ،

2006-12-27